## چالاكیەكانی شیرین محسن، كادری حزب و بەرپرسی ڕێكخراوی ئازادی ژن لە عێراق لە شاری فریدریكستاد لە نەرویج، بۆ موقاتەعە كردنی هەڵبژاردنەكانی عێراقو ڕیفراندۆمو جیابوونەوەی كوردستان



✉MOT IRAK-VALGET Kvinneaktivisten Shirin Muhsin mener at valget i Irak ikke tjener folkets interesser. Arkivfoto: Jan Erik Skau

# Vil boikotte Irak-valget

- Kvinnefiendtlig! Dette er Fredrikstad-jenta Shirin Muhsins mening om det forestående valget i hjemlandet Irak.

1. ڕۆژی پێنج شەممە ڕێكەوتی 6ی یانواری 2005 ڕۆژنامەی فرێدریكستاد بلاد كە بڵاوكراوەیەكی محەلییە چاوپێكەوتنێكی سازدا لەگەڵ شیرین محسن وەك نوێنەری ڕێكخراوی ئازادی ژنی عێراق، كە تیایدا شیرین سەبارەت بە پێویستی موقاتەعە كردنی هەڵبژاردنەكانی عێراق قسەی كردو جەختی لەسەر ئەوەش كرد كە پێویستە پێش هەڵبژاردن ڕیفراندۆمێك لە كوردستان ساز بكرێت بۆ وەرگرتنی ڕای خەڵك بۆ جیا بوونەوە یان مانەوە لە عێراقداو باسی لەوە كرد كە پێوستە خەڵك دەنگ بە جیابوونەوەی كوردستان بدەن . بەدەر لەمانەش ڕاپۆرتێكی كورتی دا دەربارەی هەلومەرجی ژیانی ژنان كە ڕێگریەكی جدی هەیە بۆ بەشداری چالاكانەو ئازادانەیان لە كۆمەڵگەدا . شایەنی باسە بڵاوكراوەكە گرنگیەكی زۆری دا بە چاوپێكەوتنەكەی شیرینو لە لاپەڕەی سێیەمدا لەگەڵ ڕەسمێكی خۆیدا بە گەورەیی بڵاوكرایەوەو بە گەورەیی لەژێر ڕەسمەكەیدا نوسرا بوو شیرین دەیەوێت موقاتەعەی

هەڵبژاردن بکات لە عێراق. هەروەها چاوپێکەوتنەکەی کرابوو بە چەند بەشێکەوە و بۆ هەر بەشە عینوانێکی بۆ دانرابوو، کە ئەمانە بوون (ژنان ئەترسن ، نان نەك دین ، وێنەی ئاوەژووی میدیاکان) هەروەها بانگەوازی شیرینی بۆ دانانی مێزکتێب لە شارو دانانی فۆرمی ئیمزا کۆکردنەوە و بەرپاکردنی خۆپیشاندان لە ستۆکهۆڵم بۆ موقاتەعە کردنی هەڵبژاردن بڵاوکردەوە. شایەنی باسە ئەم ڕۆژنامەیە زۆرترین خوێنەری هەیە لە شاری فرێدریکستاددا .

2. ڕۆژی دواتریش واتە 7ی یانوار ڕادیۆی فرێدریکستاد چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ شیرین سازدا کە نزیکەی چارەکە سەعاتێکی خایاند . لەم چاوپێکەوتنەدا شیرین ڕوونکردنەوەی زیاتری لەسەر ئەو قسانەدا کە لە بڵاوکراوەدا کردبووی وە ڕونکردنەوەی زیاتری دا لەسەر ئەوەی کە ئەم چالاکیانە جیهانین‌و لقەکانی ڕێکخراوی ئازادی ژن پێی هەڵدەستن .
3. لە دەنگدانەوەی ئەو چالاکیانەی سەرەوەدا کە ووتوێژو پرسیاری لە لای خەڵك دروست کردبوو ،مامۆستای کۆرسی تەندروستی‌و کۆمەڵایەتی کە شیرین یەکێکە لە خوێندکاری ئەو کۆرسە ، داوەتی شیرینی کرد کە قسەو باسی چڕوپڕ بکات سەبارەت بە بیروڕاکان‌و چالاکیەکانی بۆ خۆێنکارانی کۆرسەکە . شایەنی باسە خوێنکارانی کۆرسەکە بە پرسیارو پلمیکی بەسوود بەشداریان لە باسەکانیدا کرد.
4. شیرین بەشداری لە مێزکتابی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق کە بۆ موقاتەعە کردنی هەڵبژاردن‌و بەرپاکردنی ڕیفراندۆم دانرابوو،کرد .
5. ڕۆژی 29 ی دیسەمبەر شیرین محسن بنکەی سەنتەری یەکسانی لە شاری فرێدریکستاد بە ئامادە بوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنانی شار کردەوە . ئەم سەنتەرە پرۆژەیەکی ڕێکخراوی ئازادی ژنە. ئەمەش بەدوای چاوپێکەوتنێکدا هات کە شیرین لەگەڵ بڵاوکراوەی فرێدریکستاد سازی کردبوو سەبارەت بە گرنگی ئەو بنکەیە بۆ ژنانی کوردو عێراقی لەو شارە بۆ یارمەتیدانیان لە کێشەو موشکیلەکانیاندا و بۆ بەرێکخستنی کۆڕوکۆبوونەوە بۆ ژنان و ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆر .

**کۆمیتەی نەرویجی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

**ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق لە نەرویج**